# پرۆگرامی ئەلیکترۆنی گواستنەوەی سوودی پەتا لە ڤیرجینیا (P-EBT)



## ساڵی خوێندنی 2021-2022 زانیاری تازەی شایستەبوون

خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانی فەرمانگەیی ڤیرجینیا (VDSS) بە هاوبەشی لەگەڵ فەرمانگەی پەروەردە و فێرکردنی ڤیرجینیا ڕەزامەندی لە فەرمانگەی کشتوکاڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەرگرتووە بۆ پێشکەشکردنی سوودەکانی یارمەتی خۆراک لە ڕێگەی پرۆگرامی P-EBT پەیوەست بە نەهاتنی قوتابخان بەهۆی کۆڤید لە ماوەی ساڵی خوێندنی 2021-2022.

**شایستەبوون بۆ سوودەکان گۆڕاوە بە هۆی داواکاریە فیدراڵیەکان و وەرگرتنی سوودەکان بۆ ساڵی ڕابردووی خوێندن گەرەنتی شایستەبوون ناکات بۆ ئەم ساڵی خوێندن.** بۆ شایستە بوون بۆ سوودەکان، قوتابخانە و قوتابیەکان پێویستە ئەم داواکاریە هەموارکراوانەی خوارەوەیان تێدا بێت:

### پێویستە **قوتابخانەی** قوتابیەکە:

1. بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ داخرا بن یان کاتژمێری کەم دەوامیان کرد بێت بەهۆی کێشەی پەیوەست بە کۆڤید
2. و لە ژمەی نیوەڕۆی نیشتیمانی قوتابخانە یان پرۆگرامی ژمەی بەیانی قوتابخانە بەشدار بن.

### پێویستە **قوتابیەکە**:

1. چوو بنە قوتابخانەیەک کەوا بە شایستە هەژمار کرا بێت بەو شێوازەی لە لایەن فەرمانگەیی کشتوکاڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێناسەکراوە
2. و شایستە بن بۆ ژەمە خۆراکە بەخۆڕایی یان داشکێنراوەکانی قوتابخانە،
3. و نەهاتنی سەلمێنراوی قوتابخانەیان هەبێت بەهۆی کێشەی پەیوەست بە کۆڤید.

شایستەبوون بۆ سوودەکان لە ڕێگەی ئەو زانیاریە دیاری دەکرێت کە قوتابخانە/دیستریکتی قوتابخانە پێشکەشیی VDSS دەکات. سوودەکان بە کاریگەی بۆ کاتەکانی پێشووتر دەردەکرێت بۆ قوتابیە شایستەکان لە ڕێکەوتی 25ی ئایارەوە.بۆ زانیاری زیاتر، بەلەخۆگرتنی وەڵامی پرسیارە گشتیەکان و لیستی قوتابخانە شایستەکان، سەردانی ئەم لینکە بکە **PebtVA.com**.

ئەگەر خانەوادەکەت داواکاریەکانی شایستەبوونی بۆ پرۆگرامی P-EBT تێدا نیە، داوات لێدەکەین سەردانی **Commonhelp.virginia.gov** بکەیت بۆ زانینی شایستەبوون بۆ پرۆگرامی یارمەتی خۆراکی تەواوکەر **یان پەیوەندی بە 211 ڤیرجینیا بکە** بۆ زانینی زیاتر دەربارەی سەرچاوەکانی خۆراک لە ناوچەی ناوخۆیی خۆت.

**پرسیارەکان؟**پەیوەندی بە ناوەندی خزمەتگوزاری پەیوەندیکردنی P-EBT بکە لە کاتژمێر 7:00 - 6:00 ئێوارە، دووشەممە - هەینی بە ژمارە 8665131414 (بەخۆڕایی) یان 8042941633.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم وێبسایتە بکە
**PEBTVA.com**

VIRGINIA DEPARTMENT OF EDUCATION

SNAP Supplemental Nutrition Assistance Program

VIRGINIA DEPARTMENT OF SOCIAL SERVICES